## کی بەرپرسیارە بەرامبەر بە سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە؟ ... سەیران تەها ئەحمەد

کارەساتی سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە راچەنینێك بوو بەرووی مێژوو و خودی دەسەڵات و شەهید و ئەخلاق و مەدەنیەت بووندا، گەورەیی کارەساتەکە پێداگرتنە لەسەر پێداچوونەوەی هاوکێشەکان و سەرلەنوی دارشتنەوەیان، شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی ئەم رووداوە؟

بەڵام شۆك و راچەنینی ئەم کارەساتە لەوەدایە کە بە دەستی خەڵکی هەڵەبجە و بە بەشداری ژن و پیاو و گەنجی شارەکەیان سووتێنرا؟

چۆن زۆربەی گەنجەکان بە کور و کچەوە، فێر کرابن، یان بروایان بەوە بێت کە بڵێن مۆنۆمێنت بەلایە، دەبێت بسووتێنرێت، ئەم ئایدیایە ئەمرۆ دروست نەبووە، نا بێت رێگە بدرێت ئەم نەریتە ناشارستانیەتە وەك ژێرپەنجە تەشەنە بکات دەبێت چارەسەری بنەرەتی بۆ بدۆزرێتەوە؟

ئەوە راستیەکە کورد ئەوەندەی دوژمن هەیە لە ناوەوە و دەرەوەدا، پێویست بە قسەکردنێکی زۆر ناکات لەسەری بەلام ئا لەم کاتەدا ئەم کارەساتە بۆ روویداوە، دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێك پرسیار، کە زۆر پێویستە بەدواداچوون و وەستانمان هەبێت، وە لە هەمان کاتدا بە دوای وەلامە راستەکانیاندا بگەرێین؟

رەنگە سادەترین پرسیار کە لێوەی دەست پیبکەین، کە بپرسین ئەنجامدانی ئەم کارە لە بەرژەوەندی کیدابوو؟ گرووپەکانی (شیعە و سوننە) ، لە بەرژەوەندی دادگایی کردنی (سەدام حوسەین و عەلی کیمیاوی) بوو، لە بەرژەوەندی ئەوانەی دژی ناسنامەی کورد بوونی نەتەوەیەك بوون، کە کار بۆ بە عەرەبکردنی خاکی ئێمە دەکەن، سووتاندنی مۆنۆمێنت بە شێوەیەکی راستەو خۆ و ناراستەوخۆ خزمەتێکی گەورەی داگیرکەرانی کوردستانە، چونکە ناسنامەی هەڵەبجە ناسنامەی کورد بوونە، سووتاندنی مۆنۆمێنتەکە تاوانە بەرامبەر بە ئەخلاقی کورد بوون، تاوانە بەرامبەر بە دۆزی کورد و چونکە مۆنۆمێنتەکە ناسینی دۆزی کورد بوو بەجیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

پرسیارێکی تر، مەبەستەکانی لە پشت ئەم سووتانەوە چی بوون؟

ئایا مۆنۆمێنتەکە (معبد) پەرستگای کافرەکان بوو، چونکە میوانی بێگانە پیتیدەخەن و گلاوی دەکەن؟

ئایا عەقڵی بە (ئەفغەنە کردنی یان بە ئێرانی کردنی) عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لەکویدا خۆیان مەلاس داوە، چۆن چۆنی سەرهەڵدەدەن هەر جارەی بە چ ناوێك و لە ژێر چ بەرگێکدا دەبێت، وە تا چ ئاستێك خۆیان خزاندۆتە ناو دام و دەزگاکانەوە تا کوی دەسەڵاتیان هەیە؟

ئەوانەی قین لەدڵ بوون بەرامبەر بە ئەزموون و داهاتووی ئەم گەلە، ئەوانەی دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە لە باربەرن، زۆر بە ئاشکرا و بەشێوازی جیاواز خەریکی پیلان گێرانن لەژێر ناوی جیاواز و بە بەرگی جیاوازەوە، تەنانەت ئەگەر بە بیانوی ئاوەدانکردنەوە و کرانەوە بەرووی دنیادا، جا لەژێر چەتری کردنەوەی قووتابخانە یان کولیج یان مزگەوت یان کۆمپانیای جۆراو جۆردا بێت، کاری سیخوری و مەرامەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن؟ وەیان پارە رشتن و بەکریگرتنی هەندێك لایەن و پەیوەندی دروستکردن لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن وخوێندنەوەی مەرامەکانیان، کە لەناو ئەو

ئاژاوەیەی بەناوی خۆپیشاندانەوە (استغلال) کراو و کاریان بۆ کردبوو، بە ئاشکرا لە درووشمەکانیان و فێرکردنیانەوە دیاربوو کە نایانەوێت پەرلەمان بمانخەنە سەر ئێران؟
ئەوانەی دەیانەوێت وەرەقەکان تێکەڵاو بکەن، کە دەڵێن ئەمە سیناریۆ بێت، یان دروستکراو بێت؟
جا بەئەنقەست بێت، یان فرسەت بێت بۆ وەشاندنی گورزی خۆیان ودروست کردنی کەلێنەکان، سوود وەربگرن بۆ پەیدا کردنی لایەنگر بۆ خۆیان، یان بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی کاتی بێت، جا با لەسەر حسابی کەلاکی میللەتێك بێت، فرسەتە کی قەپاڵی گەورەتر دەگرێت، کارەساتی کورد کە دەردی کوشندەی ئەم میللەتەیە، لەوەدایە کە ئامادەیە دەست بخاتە دەستی دوژمنەکانی بۆ لاواز کردنی بەرامبەرەکەی و بەدەستهێنانی دەستکەوت لەسەر حسابی مێژووی خوێناوی گەلێك، کە چۆن خۆپەرستی دەگاتە ئەوەی هەریەکە هەڵپەیەتی کە بتوانێت چنگ لە کەلاکی میللەتێك گیر بکات؟
جێگەی ئاماژە پیکردنە، کە تا چەند لایەن و کەسان و قەڵەمەکان بەرپرسیارن بەرامبەر ئەم ڕووداوە؟
لە هەمووی کارەساتبار تر ئەوەیە کە ئەم میللەتە قەڵەمی سەربەخۆ و ئازا و ئاقڵی تێدا زۆر دەگمەنە، کارەساتی ئەم میللەتە لەوەدایە کە قەڵەمەکان بۆ مەرایی و ئیش دۆزینەوە وزەوی پیوەرگرتن و دووبەرەکی نانەوە و جنێو و نانەتۆرە دەرهێنان و یەکلا کردنەوەی کێشە دەروونی و حساباتی تایبەتی خۆیان بەکاردێت؟
دەبێت لە چ وولاتێکدا شۆڕشی فیکری و گۆڕانکاری بە جنێو فرۆشتن و درۆ هەڵبەستن بەرەو پێشەوە چووبێت؟
وولاتێك کە توێژێکی چالاك و دیاری تێدا نەبێت کە بەرژەوەندی میللەتەکەی لەسەرو و بەرژەوەندی خۆیەوە بێت، وولاتێك کە زۆرینەی ڕۆشنبیر ونووسەرەکانی (بە داوای لێبوردنەوە) بازرگان و بەڵێندەر بن و دڵسۆزی تێدا نەبێت یان دەگمەن بێت؟ حەتمەن وەك کوردی بەسەر دێت؟
چونکە لەلای ئێمە ووشەی ڕووناکبیر و ڕۆشنیر و نووسەر.... هتد، پێویستی بە هیچ پێوەرێك و ئاستێك نیە هەر نەزانێك بیەوێت لە هەر مەزادخانەیەك دەستی دەکەوێت، وەك نیشانەی ئازایەتی لە تەنەکە بەرۆکی خۆیی پی جوان دەکات؟ شەرم لە تێنەگەیشتن و نەزانێتی بوونی نیە، ڕەنگە تەنها کێشە هەڵڕشتنی ووشە بێت، لە پێناوی ئەوەی پیی بووترێت شت دەنووسێت؟
گرنگترین خاڵ کە پێویستە ئاماژەی پی بکەین،
ئایا کێشەکانمان وەیان گلەییەکانمان لەگەڵ دوژمنەکانماندایە، یان لە ناو ماڵی خۆماندایە؟
ئا لێرەدایە سەرسام دەبین کە ویژدان و ئەخلاق و عەقڵی زیندوو، لە کوی بوو، بۆ ئامادەنەبوو، ڕێگە لە بوونی ئەو کارەساتە بگرێت؟ چ کارەساتێکە کە گەنجی هەڵەبجە بەچەشنی تیرۆرستە دڵڕەشبووەکانی فەللوجە بە دەستی خۆیان ڕەمزی شارەکەیان وێران دەکەن، چ کارەساتێکی گەورەترە، کە توێژێك لەوانەی بەشدار بوون خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیە و دهۆك بوون، کە دیمەنێکی ترسناك بوو کە تامەزرۆی تێکدان بوون بە هەموو شێوازێك؟ کە چۆن ڕێزی شەهیدەکانی خۆیان نەگرت، چ کارەساتێکی گەورە بوو کە بەدەستی وەچەی شەهیدەکان بەدەستی کوڕەزاو کچەزاکانیان ئاگریان لە ڕۆحی شەهیدەکانیان بەردا، ئاگریان لەوێنە و بەڵگەنامەو ناسنامەی کەس وکارەکانیان بەردەدا، مەگەر سەدام حسەین و عەلی کیمیاوی دەست خۆشیان لیبکا،

وەیان بە سەرکەوتنی گەورەی گروپەکانی زەرقاوی و ئەنسار سوننە و قاعیدە دابنرێت.
هەر وەك چۆن عەقڵە دوژمنکارەکانی بەرامبەر بە کورد ئەوانەی خەریکی نووسینەوەی دەستور بوون هەموو کارەساتی هەڵەبجەیان بەرامبەر بە گوندی بەشییریان کرد، ئێستا ئێوەش بە دەستی خۆتان هەڵەبجەتان بە قوربانی دوجەیل کرد.
چاوەڕێتان بکردایە با سەرەی دادگایی کردنەکەی تاوانبارانی کیمیابارانی کردنی هەڵەبجە بهاتایە، با لە دادگایی کردنەکەدا دەستمان بە چاوی نەك دیکتاتۆر و داروەدستەکەی بەڵکو هەموو جیهانی ئیسلامی عەرەبی بکردایە، لەوێوە داوای قەرەبووی هەموو تاوانەکان بکردایە بەپشت بەستن بەو دۆکیومێنت و ناسنامانە، ڕەنگە ئەم سووتانە (توقیت) ێکی گونجاو بوو بێت بەرامبەر بە دیکتاتۆری عێراق، وەك وەفایەکی دەروێش ئاسا (لەلایەن ئەو کەس و گروپانەی) بەرامبەر بە تەکیەکان و دیاری دەمانجە و حسابەکانیان، پێش دادگایی کردنەکەی سەرۆکی تاوانباری پێشووی عێراق، تا لە هۆڵی دادگاوە خیتابی سیاسی و دەست خۆشیان بۆ بنێرێت؟
ئیتر چۆن ڕوومان بێت ناوی ناحەزان و دوژمنانی گەلەکەمان بهێنن، کە بە دەستی کورد لە ناحەز زیاتری پیکرا.
شایانی ڕاچەنینە کە کەلتووری داگیرکەران و دوژمنەکانمان، ئا بەو چەشنە تێدا چێنرا بێت، بە چەشنی ئەرتەش و جەیشی قودس پەلامار بدەیت ووشك و تەڕ بەیەکەوە بسووتێنیت؟
ئایا هەڵەبجە (فەلوجە و تەلەعفەرە یان بەعقوبە و بەسرەیە) ، گرووپەکانی مقتدی و میلیشاکانی بەدر حوکمی بکەن؟ ئایا ئەخلاقی بە خاکەناز و بە بەرد تێك شکاندن وەك پەلاماری ئەمن سوورەکە بدەیت، لە کویوە سەرچاوە دەگرێت، تۆ ئەگەر شەڕی دەستکەوت و داواکاری زیاتر بکەیت، چۆن شێوەی دوژمن ئاسا ئەوەشی کراوە لەناوی دەبەیت؟
چ خزمەت و شاگەشکەیی گەورەتان بەخشیە داگیرکەرانی کوردستان، لە کاتێکدا کە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر داگیرکەران و ناحەزانی کورد لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ پچوکردنەوەی و بی بایەخ کردنی مەسەلەی کورد،
لە کاتێکدا کە نەك هەر هاووڵاتیانی جیهان و ناوچەکە زانیارییان لەسەر چەوسانەوە و جینۆسایدی کورد و دۆزی کورد نیە، تەنانەت زۆربەی خەڵکانی عێراقیش نامۆن بە زانینی قەبارەی ئەو کارەساتەی بەسەر کوردا هاتبێت، دەبێت بزانرێت کە سوتاندنی ئەو مۆنۆمێنتە چ تاوانێکی گەورە بوو بەرامبەر بە کورد، نەك تەنها بەرامبەر بە شەهیدانی هەڵەبجە.
پرسیارێکی زۆر سانایە، کە بڵێین: ئایا هەڵەبجە تەنها شوێنە لە کوردستاندا کارەساتی بەسەر هاتبێت، ئایا تەنها هەڵەبجە خزمەتگوزاری کەمە، بی ئاو کارەبایە، ئایا تەنها لە هەڵەبجەدا چەکی کیمیاوی بەکارهێنراوە، ئەمە بۆ کەم کردنەوە نیە لە کارەساتەکانی هەڵەبجە، ئەی خەڵکی کارەساتباری گەرمیان و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان چی بکەن، ئەی ئەوان چی بسووتێنن و کاول بکەن، وەیان ئەمان و سەرجەم خەڵکی کوردستان هەموو شتێکیان بۆ کرابێت تەنها هەڵەبجە لە بیر کرابێت؟
بەڵکو ئەمە لە پێناوی ئەوەدایە کە دەبێت تاکی کورد ووشیار بێت بەرامبەر بە کێشە و مەسەلە نەتەوایەتیەکانی؟
هەڵەبجە و ئەنفالەکانی گەرمیان و بارزان و سێوسێنان و قەرەداخ و گۆڕە بە کۆمەڵەکان ناسنامەی هەموو کوردە نەك بە تەنها کوردی باشور، وە ئەم مەلەفانە دواڕۆژو داهاتووی

گەلەکەمانە کە پێویستە لە ئێستا و داهاتوو کاری بۆ بکەین، نەوەکانی داهاتوو بەجۆرێك پەروەردە بکەین کە ناسنامەی خۆیان نەدۆڕێنن.

ئایا دەستکەوتی ئەم تاوانە چی بوو، کە ڕێگە لە سەردانی وەفدی شارەوانی هێرۆشیما و ئیتالیا بگیرێت سەردانی مۆنۆمێنت بکەن، ئایا ئەوە دەستکەوت نەدەبوو خەڵکی هەڵەبجە لە جیاتی ڕێگە گرتن بەڵکو وەفدەکانیان پەلکێش بکردایە بۆ خانو و کەلاوەکانی هەڵەبجە بۆ ئاگاداربوونیان لە ئاستی ژیانیان و داوای کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت لە بواری ژینگەیان بکردایە، وەیان کردنەوەی بەشی زانکۆ و پەیمانگای تایبەت لە و بوارانەدا لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە بکرایەوە، وەیان کار بۆ ئەوە بکریایە کە 3/16 هەموو ساڵێك یادی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی بێت، وە یان بە چەشنی هیرۆشیما و ناگازاکی لە 3/16 هەموو ساڵێکدا بانگهێشتی وەفد و سەرۆکی وولاتەکان بکرایە و تاجە گوڵینەیان لەسەر مەزاری شەهیدان دابنرایە؟ دەبوایە 3/16 هەموو ساڵێك ڕۆژی بە ناساندنی کورد بە دنیا و شەرمەزار کردنی داگیرکەرانی کوردستان و سیستەمە تۆتالیتارییەکان بوایە؟

نەك بسووتێنرێت؟

لەبەر ئەوە قسەکردن لەسەر سووتاندنی مۆنۆمێنتەکە، قسەکردن نیە لەسەر بوونی تەلارێك، وەیان تیچوونی دروستکردنەکەی چەندی تی چووبێت، بەڵکو قسەکردنە لەسەر ئەو عەقڵە ئەو دەستەی ئامادەبێت مێژووی خۆی بسووتێنێت، بەدڵنیاییەوە ئامادەیە سبەیینی وداهاتووی خۆی بسووتێنێت؟

کەواتە خۆمان دڵخۆش نەکەین کە کورد کەلتورێکی جیاوازی هەیە گوایا لە خەڵکی ناوچەکانی تری عێراق جیاوازە؟ وەیان خوانەخواستە لەبەرئەوەی کە کورد پەروەردە و کەلتووری دیموکراتی هەزم کردبێت، پرۆسە و ئەزموونی زیاتر لە ئازادی و دیموکراسی هەیە؟

چونکە تێگەیشتن لە چەمکی دیموکراتیەت کارەساتە لەم وولاتانەدا، کەچۆن ئەوەندەی ئەم چەمکە دەتوانرێت (استغلال) بکرێت لەلایەن گروپ و ڕێکخراوانەی دوژمنی دیموکراسیەتن، ئەوەندە ناتوانرێت بە ئاقارە ڕاستەکەی سوودی لی وەربگیرێت، لەبەرئەوەی ژینگە و کەلتوری ئەم وولاتانە نامۆن بە دیموکراتیەت، وە نەك هەر ناتوانرێت خۆگونجاندن لەگەڵیدا، بەڵکو پراکتیزە کردنی کاری شێواوی لیدەردەچێت؟

ئاخر پەروەردەبوون و بڕوا پیهێنان بە چەمك و ئاکاری دیموکراتیەت پرۆسەیەکی درێژ خایانە و کاری (جدی) دەوێت، مەحاڵە باس لە دیموکراتیەت بکرێت ئەگەر یاسا سەروەر نەبێت، وە هەموو بەبیجیاوازی لەبەردەم یاسادا یەکسان نەبین، مەحاڵە باس لە دیموکراتیەت بکرێت لە کۆمەڵگای عەشائیری، و بوونی میلیشاو هێزی تاریکستانیدا کە داوای گەڕانەوە بۆ دواوە دەکەن.

ئەوانەی خەڵك هان دەدەن بۆ کاری پشێوی و خەڵك چەواشە دەکەن، ئەمانە گرەولەسەر دۆڕانەکانیان دەکەن،

ئەو جۆرە پەروەردە و لێدوانانەیە کە لە سایتەکان و لەهەندێك گروپ ولایەنەوە بە جیاوازی قەبارە و پێگەیانەوە، دروست بووە، لە پێناوی دروستکردنی رەواجی سیاسی و پەیدا کردنی لایەنگر بۆ خۆیان.

ئەوانەش تاوانبارن کە کاری پشێوی بە ڕاپەڕینی ڕەش و ڕووت دادەنێت،

جا ئا لێرەدا پێویستە نەك تەنها وەڵام دانەوە بەڵکو ڕووبەڕووبونەوە بکرێت لەگەڵ ووشە ژەهراوییانەی کە مێشکی گەنجی ناکامڵ و خەڵکی سادەی پی دەشێوێنرێت، بە ئاسانی ئامادە دەکرێن و دەکرێنە کەرەستە و دەستکەلای خەڵکانی ناحەز، خەڵك وا تێبگەیەنرێت

كە هەڵەبجە سەرچاوەی گەورەترین گرێبەستی بەڵێندەرایەتیە و حیزبێك وە یان لایەنێك بازرگانی پێوە دەكات و بەشی كەسی تری لێنادات؟
با دەربكەوێت ئەم ووشانە چەند ڕاستی لە خۆ دەگرێت و هەڵوێستی بەرامبەر وەربگیرێت؟ باخەڵك بزانێت كێن ئەوانەی كە بەناوی هەڵەبجەوە گونیە دۆلار وەردەگیرێت و بڕەكەی چەند بووە، وە كێن ئەو بەرپرسانەی كە توورەكەیان بۆ ئەم پارانە دووریوە و حسابی بانكی تایبەتیان كردۆتەوە؟
ئایا ئەم جۆرە لێدوانانە تەنها (تخمین) ە، یان بە ژمارە و بەڵگەی سەلمێنراوە، ئەو كاتە بۆ هەموو ڕای گشتی پێویستە بخرێتە ڕوو و لێكۆڵینەوەی لەسەر بكرێت، بەڵام لە هەمان كاتدا (لێدوانی نا مەسئوولانە) لە كەسانی بەرپرس و كە پۆستێكیان هەبێت، پێویستە ئەمەش بەپیی یاسا گەورەترین هەڵوێست و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكرێت، لە كاتێكدا ئەو جۆرە لێدوان و گووتارانە بۆ چەواشەكردن و هاندانی خەڵكی لیبكەوێتەوە بۆ ئەنجامدانی كاری توند و تیژی بەكار بهێنرێت.
وە دەبێت خەڵكانی ئەم ووڵاتانە فێری كەلتووری یەكتر قبووڵكردن و هەست بە بەرپرسیارێتی هەبێت.
ڕووداوەكانی 3/16 كۆمەلێك لایەنی ترسناكی ووروژاند و زەنگێكی ترسناكە بۆ لێكدانەوەی چەند سەرنجێك، گرنگترینیان كە گەنجانی ئێمە رۆشنبیر نین، ئەمە نەك قسەی دەسەڵاتە، بەڵكو ئەمە ئە و كارەساتە بوو كە بە چاوی خۆمان بینییمان، ئەمە ئەو ڕاچەنینەیە، فەرموو بزانن كە زانكۆكانمان پرۆسەی پەروەردە و ووشیاری تێدا نیە، وەرن ئاوڕێك لە زانكۆكان بدەنەوە كە بووە بە مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری، وەرن بزانن كەچەند ئاستی زانستی و ئەكادیمی دابەزیوە سەد ئەوەندە ئاستی ووشیاری نەتەوایەتی و هەستكردن بە بەرپرسیارێتی نەك هەر دابەزیوە، بەڵكو كاڵ بوونەتەوە و مۆدێلی نەماوە؟
دە با واز لە دوورشمی درۆ و كارەساتباری بهێنرێت كە داوای پەرلەمانی گەنجان بكەیت؟ جاری وەرن پەروەردەی گەنج بكەن و لە چەواشەكردن و پشتگوی خستن ڕزگاری بكەن؟
جا ئەگەر گەندەڵیش بەهەموو شێواز و جۆرەكانیەوە تەشەنەی كردبێتە ناو زانكۆ و دەزگا ئەكادیمیەكانەوە، دەبێت چاوەڕوانی چی لەو پشتگوی خستنە بكەی؟
هەموومان دەزانین قسەكردن لەسەر ناڕەزایی و كەمی خزمەتگەزاریی و داواكاریی زیاتر، ئەمە مافێكی رەوایە و دەبێت بكرێت، بە دەیان ڕێگا هەیە بەشێوازی مەدەنیانە پەنای بۆ ببرێت و دەسەلات ناچار بكرێت، بەڵام بەهیچ جۆرێك بەو شێوازە ناشارستانی و ناعەقلانیە نابێت و بە هیچ جۆرێك ناگاتە ئەوەی كە مۆنۆمێنت بسووتێنرێت؟
ئەمە پاساوی نیە لە ژێر هیچ ناوێكدا؟ بەڵكو گەلێك لێكدانەوەی تر هەڵدەگرێت.
مەترسی كارەساتەكە ڕاستیەكی خستەڕوو كە خودی دەسەڵات و حكومەت تاوانبارە، بەرامبەر بە ئاستی ووشیاری گەنج، كە چۆن گەنج و نەوەی دوای ڕاپەڕینت ئاوا پەروەردە بكرێت وەیان بیسەرپەرشتی بەجیبهێلرێت، كە هەستی نەتەوایەتی و (مقدسات) ی لەلا نەبێت؟
كە چۆن گەنجەكان دوروشمی داگیركەر و هێزە دڵ ڕەشبووەكانت بۆ بەیان بكات پراكتیزە بكات؟
ئەمە پرسیارەكەیە، ئەمە جەوهەری لێكدانەوەی سووتاندنی مۆنۆمێنتەكەیە، دەركەوت كە خودی دەسەڵات لەسەر ئاستی ئەوەی پیی دەڵێن (ئاسایشی نەتەوایەتی) ، بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە هیچی نەكردووە؟
هەموومان باش دەزانین ئەمە یەكێكە لە باجەكانی كارەسات و نەهامەتی شەڕی ناوخۆ،

کە لە پێناوی بردنەوەی شەڕەکان و ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزەکاندا کە پشتگیری وەیان یارمەتی گروپە توند ڕەوەکانیان دەدا و پرچەکیان دەکردن، ئالەم خالەدا یەکێتی و پارتی بەرپرسیارن؟ کە چ کەلێنێکیان خستە جەستەی میللەتێکەوە، ئێستا هەموومان باجەکەی دەدەین،
ڕاستە هەڵەبجە بە درێژایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران-عێراق و پاشان شەڕەکانی ناوخۆ گەورەترین بەشی کاولکاری بەرکەوتووە، ڕاستە بەپیی قەبارەی تاوانەکەی فراوانی ناوچەکەی خزمەت گوزارییەکەی ئەوەندە نیە، بەڵام ئەمە دەلالەتی ئەوە نیە کە هەر هیچ نەکرابێت؟ بەڵکو پیلان داڕشتن و دراسەکردنێکی ڕاست و لەسەر بنەمایەکی زانستیانە نیە، ئەمەش تەنها کێشەی هەڵەبجە بە تەنها نیە بەڵکو ئەمە کارەساتی هەموو کوردستانە؟
وە پێویستە بووترێت کە هەڵەبجە تەنها موڵکی یەك لایەن و بەرپرسیارێتی تەنها حیزبێك نیە بەڵکو ئەرکی ئاوڕدانەوە و گرنگی پێدانی ئەرکی سەرشانی حکومەت و حیزب و هەموو لایەنەکانی تریشە،
ڕاستە کەسانی تر بواریان بۆ ڕەخسا خۆپیشاندانەکەیان قۆستەوە ڕێڕەوەی خۆپیشاندانەکە گۆڕا،
بۆ جیبەجیکردنی ئامانجەکانی خۆیان، پرسیارەکە لێرەدایە بۆ ڕێگادرا؟ وە کە دەزانرا ئەو جۆرە خۆ ئامادەکردنە هەیە بۆ بەپیی پێویست پارێزگاری مۆنۆمێنتەکە نەکرا؟
لە گەڵ ئەمانەشدا بەهەموو جۆرێك دژی تەقەکردن و شێوازی ناعادیلانەی چارەسەرکردنی کێشەکانین، ڕووداوەکە ئازارێکە و دوژمنکارییەکە بەرامبەر بە هەموو خەڵکی کورد نەك تەنها شەهیدانی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان، داوای لێکۆڵینەوە و بەداواداچوونی یاسایی دەکەین، بۆ خەڵك بە شەفافیەت ئەگەر دەستیش هەبێت ئاشکرا بکرێت؟
بەڵام گرنگ ئەوەیە، چۆن کار بۆ داهاتووی میللەتێك بکەیت بۆ ووشیاری نەوەیەك کەخۆی بتوانێت بەرگری لە داهاتووی خۆی بەرامبەر بە داگیرکەران بکات.

سەیران تەها ئەحمەد
کۆلیجی یاسا-زانکۆی سلێمانی